# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (١٤٩) سالّی دوازدەم ١٣/ئەیلول/٢٠١٢ زاینیی ٢٢/گەلاوێژ/٢٧١٢کوردی ٢٧/ شەوال/١٤٣٣کۆچی


**لەم ژمارەیەدا:**

**149**


**رێنمایی ژمارە (٢)ی سالّی ٢٠١٢ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی** ل ١

تایبەت بە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت لەهەرێمی کوردستان — عیراق

**رێنمایی ژمارە (١)ی سالّی ٢٠١٢ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن** ل ٤

تایبەت بەدابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاولاّتیان لەهەرێمی کوردستان — عیراق

**بەیانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق** ل ١٢

راستکردنەوەی هەلّەیەکی ماددی لەماددەی (١) لەیاسای ژمارە (٧)ی سالّی ٢٠١٢

(یاسای درێژەدان بە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر) ژمارە (٣)ی سالّی ٢٠٠٦

**بەیانی ژمارە (٥)ی سالّی ٢٠١٢ی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی** ل ١٣

**بەیانی ژمارە (٤)ی سالّی ٢٠١٢ی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی** ل ١٣

**بەیانی ژمارە (١٤-١٥)ی سالّی ٢٠١٢ی وەزارەتی داد** ل ١٤

**بەیانی وەزارەتی دارایی و ئابووری / ٣** ل ١٥

**بەیانی ژمارە (٢)ی سالّی ٢٠١٢ وەزارەتی ناوخۆ** ل ١٦

**بەیانی ژمارە (٨٨-٨٩-٩٠-٩١-٩٢-٩٣-٩٤-٩٥-٩٦-٩٧-٩٨-٩٩-١٠٠) سالّی ٢٠١٢ی وەزارەتی تەندروستی** ل ١٧

**پەراوێزی بابەتەکان تەنها بەزمانی عەرەبی**

**پەیرەوی ژمارە (١١)ی سالّی ٢٠١٢ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل ٢٢

پەیرەوی دووەم هەموارکردنی پەیرەوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان — عێراق ژمارە (١)ی سالّی ٢٠٠٦ .



ناونیشان: هەولێر-چوار ڕیانی فرنسۆ میتران بالەخانەی وەزارەتی داد. .

☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region Government (KRG), Publishing by Ministry of Justice.

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (١٤٩) السنة الثانية عشرة ١٣/ايلول/٢٠١٢ميلادي ٢٢/گەلاویژ/٢٧١٢كوردي ٢٧/ شوال/١٤٣٣هجري

**في هذا العدد:**

149

**نظام رقم(١١) لسنة ٢٠١٢ رئاسة مجلس الوزراء** ص ٢٢
نظام التعديل الثاني لنظام رئاسة مجلس الوزراء لأقليم كوردستان-العراق رقم(١) لسنة ٢٠٠٦ .

**بيان برلمان كوردستان – العراق** ص ٢٤
تصحيح خطأ مادي في المادة (١) من القانون رقم (٧) لسنة٢٠١٢
(قانون تمديد العمل بقانون مكافحة الارهارب رقم (٣) لسنة ٢٠٠٦في اقليم كوردستان)

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

**تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠١٢ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** ص ١

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٢ وزارة الاعمار والاسكان** ص ٤

**بيان رقم (٥) لسنة ٢٠١٢ وزارة الاوقاف والشؤون الديينية** ص ١٣

**بيان (٤) لسنة ٢٠١٢ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** ص ١٣

**بيان (١٤-١٥) لسنة ٢٠١٢ وزارة العدل** ص ١٤

**بيان وزارة المالية والاقتصاد / ٣** ص ١٥

**بيان رقم (٨٨-٨٩-٩٠-٩١-٩٢-٩٣-٩٤-٩٥-٩٦-٩٧-٩٨-٩٩-١٠٠) لسنة ٢٠١٢ وزارة الصحة** ص ١٦

**No.:149 Date: September, 13, 2012 Vol.: 12**

العنوان : اربيل-تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل
(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥٠٧-٠٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨-)

السعر ٧٥٠ دينار

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

## ڕێنمایی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٢

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەئەحکامی ماددەی (١٨) لەیاسای ژمارە (٢٢)یسالی ٢٠١٢ یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام وخاوەن پێداویستیی تایبەت لەهەرێمی کوردستان – عیراق ، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :

## ڕێنمایی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٢
## تایبەت بە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت لە هەرێمی کوردستان – عیراق

١- خاوەن پێداویستی تایبەت : هەرکەسێك تووشی ناتوانایەکی یان بەشێکی جەستەیی یان نا جەستەیی و بە شێوەیەکی نەگۆر بێت لە هەریەك لە هەستەکانی یان تواناکانی جەستەیی یان دەروونی یان عەقلی بە رادەی ئەوەی رێ لە کاری وەزیفی ئەندامێك یان زیاتر لە ئەندامێکی جەستەی بگرێت ، ئەمەش دەبێتە مایەی رێگرتن لە وەدەستهێنانی و ڕاپەراندنی پێداویستیە کانی ئاساییانەی ژیانی .

٢- کەمئەندام : هەر خاوەن پێداویستییێکی تایبەت تووشی پەککەوتنی جەستەیی بە شێوەیەکی بەردەوام هاتبێ .

٣- هەر کەمئەندامی دەبێت هەلگری ناسنامەی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت بێت کە تێایدا ناوی چواری و جۆری کەمئەندامی و رێژەی پەککەوتەیەکەی تێدا تۆمارکرا بێت کە لە لایەن بەرێوەبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پارێزگاکان دەردەچێت .

٤- کەمئەندام لە مووچەی کەمئەندامی سوودمەند دەبێت بەپێ ی ئەم پێوەرانەی خوارەوە :

أ- دەبێت خاڵی یەکەم و دووەمی تێدا دەستەبەر بکرێت .

ب- یەکێك لەم حالەتانەی خوارەوەی لەسەر جێ بەجێ بکرێت لەو ڕێژانە و بەرەو ژوور :

١- جەستەی بزوێنی ٤٠٪
٢- نابینایان ٦٥٪
٣- نابیستان ٦٠٪
٤- بیرکۆل ٦٥٪
٥- مەنگۆل ٨٠٪
٦- تالاسیما ٥٠٪
٧- هیمۆفیلیا ٥٠٪
٨- ئۆتیزم ٨٠٪
٩- شیزوفیرینیای توند ٥٠٪
١٠- شلل دماغ ٨٠٪

- **تێبینی** / کورتەبالاَکان تاکو بڕیار لە لیژنەی هاوبەش نێوان وەزارەتی تەندروستی دەردەچێت مووچەکان لە ٤٠٪ دەبێت .

ج- ڕێژەی کەمئەندامی کۆناکرێتەوە و تەنیا بەرزترین ڕێژە هەژماردەکرێت بۆ سوودمەندبوون لە هەر حاڵەتێکی سەرەوە .

٥- هەر سوودمەندێك ئەگەر تا شەش مانگ لەسەر یەکتر مووچە وەرنەگرێت ، مووچەکەی دەبڕێت و دەبێتە داهات بۆ خزینەی دەوڵەت . بۆ ئەوەی کەمئەندام دووبارە سوودمەند بێت دەبێت سەر لە نویێ داواکاری پێشکەش بکاتەوە بۆسوودوەرگرتن لە مووچەی کەمئەندامی .

٦- ئەوانەی مووچە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن وحوکمەکانی خاڵی (١،٢) دەیانگرێتەوە بە چاو پۆشین لە سەرچاوەی داهاتیان مافی وەرگرتنی لە بڕی کەمئەندامیان هەیە کە یەکسانە بە ٣/٢ دوو لەسەر سێ ی بڕی کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵایەتی .

٧- ئەوانەی حوکمەکانی خاڵی (١،٢) دەیانگرێتەوە لە کەسانی نافەرمانبەر بە چاوپۆشین لە سەر چاوەی داهاتیان ، مافی کۆمەکێکی سەرباری هەیە کە بەم شێوە دەبێت ( کۆمەکی کۆمەڵایەتی X ڕێژەیی پەککەوتن )

٨- تەرخان کردن بۆ چاودیری کردنی کەمئەندام (بەخێوکەر) :

هەر کەسێك خۆی بۆ چاودێری کردنی کەمئەندامێك تەرخان کرد کە ناتوانێ بەدەم خواستی ئاساییانەی ژیانی خۆیەوە بچێت ، هەروەها بۆ بەجێ گەیاندنی پێویستییەکانی و چاودێری کردنی پێویستی بە کەسێکە هەمیشە لە گەڵیدا بێت ، مافی هەیە سوود لە قەرەبووی خۆ تەرخان ببینێت و بەم شێوەیەی خوارەوە :

**یەکەم** : ئەکەر خۆ تەرخانکەر مووچەی حکومەتی هەبوو :

أ- مۆڵەتی بە مووچەی تەواو لەگەڵ دەرماڵە چەسپاوەکانی پێ دەدرێت ، هەروەها مافی سەرمووچەو بەرزکردنەوە و هەموو مافێکی دیکەی هەیە کە مستەهەقیەتی وەك هاوچەشنانی لە فەرمانبەران بۆ چاودێری کردنی یەك کەمئەندام .

ب- سەرباری ئەوەی لە بڕگەی پێشوودا هاتووە ، ئەگەر چاودێری دوو کەمئەندام بکات ، مووچەیەکیشی بۆ خەرج دەکرێت کە یەکسان بێت لە گەڵ ڕادەی کەمترین مووچەی فەرمانبەرێکی هەرێم .

**دووەم** : ئەگەر خۆ تەرخانکەر مووچەی حکومەتی نەبوو :

أ- مووچەیەکی پێ دەدرێت کە یەکسان دەبێت بە ڕادەی کەمترین مووچەی فەرمانبەرێکی هەرێم بۆ چاودێری کردنی یەك کەمئەندام .

ب- مووچەیەکی پێ دەدرێت کەیەکسان دەبێت بە ڕێژەی (١٥٠٪) ی ڕادەی کەمترین مووچەی فەرمانبەرێکی هەرێم بۆ چاودێری کردنی دوو کەمئەندام .

٩- حوکمەکانی ئەم یاسایە بە سەر کورتە باڵاییانیشدا پیادە دەکرێت و بەو شێوەیەی لە مافەکانیان کەم نەکاتەوە .

١٠- هەر کەسێك تەمەنی لەسەروی (٦٠) ساڵ بێت بۆ پیاوان و (٥٥) ساڵ بۆ ئافرەتان پێویست ناکات لێژنەی پزیشکی بۆ بکرێت ، دەبێت ڕەوانەی چاودێری خێزان بکرێت .

١١- هەر نەخۆشێك یان پەککەوتیەك کە چارەسەری هەبێت سودمەند نابێت لە مووچەی کەمئەندامان .

١٢- حوکمە سزاییەکانە :

١- بە غەرامەیەك سزا دەدرێت کە لە (٥٠٠,٠٠٠ ) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١,٠٠٠,٠٠٠ ) یەك ملیون دینار زیاتر نەبێت ، بۆ هەرکەسێك خۆی بۆ چاودێری کردنی کەمئەندامێك یان خاوەن پێداویستییەکی تایبەت تەرخان کرابێت و کەمتەرخەمی لە بەجێ گەیاندنی ئەرکەکەیدا دەکات یان لە بەجێ گەیاندنی ئەوەی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە پێویستە ، سەرباری بڕینی قەرەبووکردنی خۆتەرخان کردنەکەی .

٢- وێرای پێشێل نەکردنی یاسا و ڕێسا و ڕێنماییە کار پێ کراوەکان لە هەرێمدا ، بە غەرامەیەك سزا دەدرێت کە لە (٥,٠٠٠,٠٠٠ ) پێنج ملیون دینار کەمتر نەبێت و لە (١٥,٠٠٠,٠٠٠ ) پازدە ملیون دینار زیاتر نەبێت ، خاوەنی ئەو پرۆژەیەی کە پەیوەست نابێت بە مەرج و مواسەفاتی جیهانی و تەکنیکی و ئەندازەیی و تەلارسازی کە دەبێ لەو بینا و دامەزراوانەی کە دروستیان دەکات هەبن ، بەو جۆرەی کە لەگەڵ حاڵەتی کەسانی کەمئەندام یان خاوەن پێداویستی تایبەتدا ناگونجێن .

- ئەم ڕێنماییە جێ بەجێ دەکرێت لەرۆژی دەرچوونی ڕێکەوتی ٢٠١٢/٧/١٧ و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاسۆس نجیب عبداللە**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن**

## ڕێنمایی ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ٢٠١٢

## بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی یاسای ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠٠٨ ویاسای یەکەمین هەموارکراوی ژمارە( ١٦ )ی ساڵی ٢٠١١ تایبەت بەدابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاولاّتیان لەهەرێمی کوردستان – عیراق

پالپشت بە ماددەی نۆیەم لە یاسای ژمارە (٧)ی بنەڕەتی و مادەی حەوتەم لەیاسای یەکەمین هەموارکراوی ژمارە (١٦) کە تیایدا دەسەلاّتی داوە بە لایەنەکانی پەیوەندیدار بە دەرکردنی ڕێنماییکانی پێویست بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەو دوو یاسایە، وە لەبەر ئەوەی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن لایەنی پەیوەندیدارە بە دابین کردنی ئەو یەکانەو ڕادەست کردنیان بۆ هاولاّتیان، ئەم ڕێنماییە دەرکرا بۆ ڕوون کردنەوە و چۆنیەتی جێ بەجێ کرنی هەردووك یاسای ئاماژە پێدراو بە مەبەستی پەیڕەوکردنی.

**یەکەم : سوودمەند لەم یاسایەو ئەرکی جێ بەجێ کردن .**

١. سوودمەند لەم یاسایە هاولاّتیانی هەرێمی کوردستان - عێراق دەگرێتەوە کە خیزاندارن یان بەخێوکەری خێزانن (معیل) وە بژێوی ژیانیان زۆر کەمە و داهاتی مانگانە یان سالاّنەیان هێندە سنووردارە بەشێوەیەك کە نەیان توانیوە تا ئەو کاتەی دەرفەتی سوودمەندبوون لەم یاسایە دەیانگرێتەوە ببنە خاوەنی یەکەیەکی نیشتەجێ .

٢. وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن ڕێـــوشـــوێنی پێویست دەگرێتەبەر بۆ داڕشتنی پلانی گونجاو و تۆکمە بۆ دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێ بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار وە لەڕێگای پێکهاتەکانیەوە کاری پێویست ئەنجام دەدات بۆ جێ بەجێ کردنی ناوەڕۆکی ئەم یاسایە و قۆناغەکانی داڕشتنی نەخشەسازی یەکەکان بەپێ ی تایبەتمەندێتی شوێن وە شێوازی ئەنجام دانی ئەو یەکانە و ڕێگاکانی ڕادەست کردن و بەناو کردنیان بۆ هاولاّتیان و گەڕاندنەوەی قەرزەکان.

٣. لەبەر ڕۆشنایی مادەی (دووەم / بڕگەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٧) ی ئاماژەپێکراو وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار هەڵدەسێت بە تەرخان کردنی زەوی نیشتەجێ بۆ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن بەبێ بەرامبەر بەمەبەستی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێ بۆ جێ بەجێ کردنی ناوەڕۆکی ئەم یاسایە. بۆ ئەم مەبەستەش وا دەخوازێت پێکهاتەکانی سەر بە وەزارەتی شارەوانی بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگار و سەرۆکی یەکە ئیداریەکاندا بەرنامەڕێژی و هەنگاوی پێویست بگرنە بەر بۆ مەبەستی دیاری کراو بە شێوەیەکی بەردەوام و بە پێی بەرنامەی ساڵانە کە ئەوەش هۆکارێکی گرنگی بە ئاکام گەیاندنی ئامانجەکانی ناوەڕۆکی ئەم یاسایە و جێ بەجێ کردنیەتی، وە لەکاتی نەبوونی زەوی تەرخانکراوی (گونجاو) بۆ ئەو مەبەستە دەبێتە هۆکار و ڕێگر لە بەرکەوتی پشکی ساڵانەی ژمارەی یەکەکان لەو سنوورانەدا.

٤. لەبەر ڕۆشنایی مادەی(یەکەم \ بڕگەی سێیەم) ی زیادکراو لە یاسای ژمارە (١٦) ی هەموارکراوی ئاماژەپێدراو لایەنە پەیوەندیدارەکان پەیوەست دەبن بە دابین کردنی خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان بۆ یەکەکانی نیشتەجێ بوون کە دروست دەکرێن لە چوارچێوەی ئەم یاسایەدا. بۆ ئەم مەبەستەش پێکهاتەکانی سەر بە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە لە ڕێگای پارێزگاو یەکە ئیداریەکانی سەر بە سنووری پارێزگا هەماهەنگی دەکەن لەگەڵ فەرمانگەکانی پەیوەندیدار بە جێ بەجێ کردنی خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان تا بتوانرێت بە پێی پلانی ساڵانە بوودجەی پێویست بۆ ئەو مەبەستە دابین بکرێت لەچوارچێوەی چالاکی و تەرخان کراوی بوودجەی لایەنە پەیوەندیدارەکان. وەك هەنگاوێکی دەستپێك وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لە چوارچێوەی پشکی بوودجەی وەزارەتدا تەرخان کراوی دابین کردووە تایبەت بە جێ بەجێ کردنی خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکانی کە دەکەوێتە ناو کۆمەڵگای نیشتەجێ بوون وەك (تۆڕی ئاو وئاوەڕۆ ، کارەبا، شەقام و شوستەکان)، بەڵام لە داهاتوودا بە پێی یاساکە ئەو ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی لایەنە پەیوەندیدارەکان. بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکانی تری پێویست لە ناو کۆمەڵگاکەدا هەروەها گەیاندنی گشت خزمەتگوزاریەکان بۆ سنووری پرۆژەکە ئەرکی گشت لایەنە پەیوەندیدارەکانە.

**دووەم : مەرجە سەرەکیەکانی پێشکەش کردنی داواکاری.**

ئەو هاوڵاتیانەی داواکاری پێشکەش دەکەن تا بەشێوەی قۆناغ دەرفەتی سوودمەند بوون لەم یاسایە بیانگرێتەوە دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوەیان تیادا بەرجەستە بێت بۆ ڕەچاوکردنی داواکاریەکانیان بەمەبەستی ڕیزبەندی کە بۆ هەر یەکەیان ڕێکاری تایبەت لە فۆرمی ئامادەکراودا دیاری دەکرێت بە مەبەستی هێنانی پشتگیری لایەنی پەیوەندیدار بۆ ڕاستاندنی بوونی گشت مەرجەکان.

١. سوودمەند لەم پرۆژەیە دەبێت هاولاَتی هەرێمی کوردستانی عیراق بێت وە تێیدا نیشتەجێ بێت.
٢. سەربەخۆ خاوەنی هیچ یەکەیەکی نیشتەجێ نەبێت (خانوو بێت یان شووقە).
٣. سوودمەند نەبوبێت لە هیچ پرۆژەیەکی تری نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان هەروەها وەرگرتن و خاوەندارێتی هیچ یەکەیەکی نیشتەجێ.
٤. سوودمەند نەبوبێت لە وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## سێیەم : دابەش کردنی یەکەکان و دیاری کردنی پشکەکان وە شێوازی ڕاگەیاندنی فۆرمەکان و وەرگرتنەوەیان .

١. بە شێوەی قۆناغ و لە چوارچێوەی بوودجەی دابینکراوی سالاَنە، وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن ژمارەی یەکە نیشتەجێکان کە دروست دەکرێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ڕادەگەیەنێت وە لەسەر ئەو بنەمایەش پشکی سنووری پارێزگاکان دیاری دەکرێت.
٢. وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن هەماهەنگی دەکات لەگەلّ پارێزگاکاندا بۆ وەرگرتنی زانیاری تایبەت بە ژمارەی پێویست لە یەکەکان لە ناوەندی پارێزگاکان و یەکە ئیداریەکانی سەر بەسنووری پارێزگاکان بە مەبەستی دیاری کردن و دابەش کردنی پشکەکان.
٣. وەزارەتی ئاوەدان کرنەوەو نیشتەجێ کردن بانگەواز دەکات بۆ وەرگرتنی داواکاریەکان بە مەبەستی فرۆشتنی یەکەکان بەو هاولاَتیانەی مەرجەکان و پێوەرەکانی سوودمەند بوون لەم یاسایە دەیانگرێتەوە. ناوەندەکانی وەرگرتنەوەی داواکاریەکان لە لایەن سەرۆکی یەکە ئیداریەکانەوە دیاری دەکرێت و ڕادەگەیەنرێت بۆ هاولاَتیان بە مەبەستی پێشکەش کردنی داواکاریەکان، بەرامبەر بەوەرگرتنی فۆرمەکە پسولّەو کۆدی تایبەت بە هاولاَتی دەدرێت بۆ دلّنیا بوون لە جێگیربونی مافی کێبڕکێ و فەراهەم کردنی دەرفەتی یەکسان بۆ گشت هاولاَتیان لەسەر بنەمای خالّبەندی و ڕیزبەندکردن.
٤. لە کاتی وەرگرتنەوەی فۆرمەکاندا تەنـها داواکاری ئەو هاولاَتیانە ڕەچاو دەکرێت کە خەلّکی ئەو شوێنەن (شار، قەزا، ناحیە) کە یەکەکانی لێ دروست دەکرێت یان دانیشتووی ئەو شوێنە بێت ئەمەش بە بەلّگەنامە و پشتگیری پێویست و پسولەی خۆراك دیار دەکرێت، بە پێچەوانەوە ئەو فۆرمانەی بەلّگەنامەو پشتگیری پێویستی نەبێت پشت گوێ دەخرێت وە دەرفەتی کێبڕکێیان بۆ سوودمەند بوون نابێت.

٥. بۆ فەراهەم کردنی دەرفەتی هاوشێوە و یەکسان لە نێوان سوودمەندان لەم یاسایە، پشکی (٥٠٪) ی ژمارەی یەکەکان لە هەر ناوچەیەکدا بۆ کارمەند و فەرمانبەران دەبێت سەر بە هەر دامەزراوەیەکی حکومی (بەردەوام بن لە خزمەت یان خانەنشین)، وە پشکی (٥٠٪) ش بۆ هاولاّتیانی دی، بۆ ئەم مەبەستەش بنەماکان و پێوەرەکانی کێبڕکێ بۆ هەر پشکەیان بە جودا ئەژمار دەکرێت بۆ سوودمەند بوون، لەسەر پێشنیاری پارێزگاکان و سەرۆکی یەکە ئیداریەکان بەپێی تایبەتمەندێتی ناوچەکەیان دەتوانن ئەو پشکانە زیاد و کەم بگونجێنن.

٦. دوای ووردبینی کردنی فۆرمەکان و گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ دڵنیابوون لە بوونی پێوەرەکانی سوودمەندبوون لەم یاسایەو درووستی زانیاریەکان و بەرجەستەبوونی گشت مەرجە سەرەکیەکان ، زانیاری و ووردەکاریەکانی ناو فۆرمەکە لە بەرنامەیەکی کۆمپیوتەریدا تۆمار دەکرێت بەمەبەستی خاڵ بەندی و ڕیزبەندی ناوەکان لەسەر بنەمای ئەو خالآنەی بۆ هەر پێوەرێك دیاری دەکرێت وە ئەنجامەکان ئاشکرا دەکرێت.

٧. دوای ئاشکراکردنی ناوەکان، هاولاّتی سوودمەند بەڵێننامەی دادنوسی لێ وەردەگیرێت بۆ چەسپاندنی درووستی زانیاریەکان پێش ڕادەستکردنی یەکە نیشتەجێکە وە لەکاتی سەلماندنی هەر زانیاریەکی نادرووست بنەماکانی سوودمەنبوون لەدەست دەدات و بەرەو ڕووی دادگا دەکرێتەوە وەکاری یاسایی بەرامەبەر ئەنجام دەدرێت وە هاولاّتی تر لە ڕیزبەندیەکەدا شوێنی دەگرێتەوە لەسەر بنەمای خاڵبەندی.

٨. پێکهاتەکانی سەر بە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگاکان و یەکە ئیداریەکان ڕێوشوێنی پێویست دەگرنەبەر بۆ پێکهێنانی لیژنەی پسپۆر و دیاری کردنی شێواز و ڕێکارەکانی تایبەت بۆ بە ئەنجام گەیاندن و بەرجەستەکردنی بنەماو پێوەرەکانی ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە.

## چوارەم: ماوەی دروستکردن، نرخی یەکەکان، شێوازی وەرگرتنەوەی قیستەکان و بەناوکردنی یەکەکان.

١. وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتە بەر بە مەبەستی دروستکردنی یەکەکان لە کاتێکی دیاری کراودا بەشێوەیەك لە ڕۆژی دەست بەکاربوونی دروست کردنی یەکەکان تا ئەو کاتەی ڕادەستی هاولاّتیان دەکرێت لە دوو ساڵ تێنەپەڕێت.

٢. چەسپاندنی نرخی یەکەکان بە مەبەستی فرۆشتنی بە هاولاّتیانی سوودمەند لە سەر بنەمای خەرجی کۆتایی تێچوی ڕاستەقینەی یەکەکان لەگەڵ خەرجی کارگێڕی و سەرپەرشتیاری پرۆژەکە بە ڕێژەی (١٪) دەبێت.

٣. وەرگرتنەوەی نرخی یەکەکان بە شێوەی قیستی مانگانە یان ساڵانە دەبێت وە بۆ مەبەستی فەراهەم کردنی وەرگرتنەوەی قیستەکان و بەناوکردنی یەکەکان بەناوی هاوڵاتی سوودمەند ڕێکارە داراییە کارپێکراوەکان پیادە دەکرێت وە ئەو موڵکە دەبەسترێتەوە بە ڕەهنیکی دڵنیاییەوە لە بەرژەوەندی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن تا دانەوەی دواین قیستی تێچووی یەکەکە کە دیاری کراوە لەسەر سوودمەند.

٤.وەرگرتنەوەی قیستەکان لە مانگی یەکەمی ڕۆژی ڕادەستکردنی یەکە نیشتەجێکە دەست پێدەکات بۆ هاوڵاتی سوودمەند وە هیچ پێشەکیەکی لێ وەرناگیرێت.

٥. ماوەی وەرگرتنەوەی قیستەکان لە هیچ حاڵەتێکدا لە (٢٥) ساڵ تێپەڕ ناکات.

٦. ئەگەر خاوەن یەکەی نیشتەجێ بوون کە لەسەرەتادا فۆرمەکەی بەناویەوە پڕکراوەتەوە کۆچی دوایی کرد پێش ئەوەی هەموو قیستەکانی دابێتەوە ئەوا میراتگرەکان لە ئەندامانی خێزانەکە لە پێدانەوەی باقی ماوەی قیستەکان ئەبوردرێت.

٧. هاوڵاتی سوودمەند دەبێت خودی خۆی نیشتەجێ بێت لەیەکەکەدا وەبۆی نیە بیداتەوە بەکرێ و خەڵکی تری تیا نیشتەجێ بکات وە لەهیچ حاڵتێکدا ناتوانێت مامەڵەی کرین و فرۆشتن بە یەکەکانەوە بکات ئەگەر (١٠ساڵ) بەسەر ماوەی ڕادەستکردنیدا تێپەڕی نەکردبێت، بۆ فەراهەم کردنی ئەم مەبەستەش شێواز و ڕێکاری یاسایی پێویست پیادە دەکرێت.

٨. پاش تێپەڕبونی ماوەی (١٠ ساڵ ) بەسەر ماوەی نیشتەجێ بوونی لە یەکەکەدا هاوڵاتی سوودمەند بۆی هەیە یەکەکە بفرۆشێتەوە بەمەرجێك بڕی ماوەی هەموو قیستەکانی دابێتەوە کە لە ئەستۆیدایە.

## پێنجەم: شێوازی دروستکردنی یەکەکان بەشێوەی خانوو یان شووقە وەدیاری کردنی نەخشەکانیان.

١. بۆ ئەم قۆناغەی ئێستاو بەمەبەستی بەکارهێنانی کەمترین ڕووبەری زەوی وە تا ئەو کاتەی ڕێنمایی دی دەردەچێت لەم بارەیەوە، لە ناوەندی شارەکاندا تەنها دروستکردنی شووقە بە شێوازی باڵەخانەی فرەنهۆمی پیادە دەکرێت وە تا ژمارەی نهۆمەکان زیاتر بێت پەسەند ترە.

٢. لە ناوەندی یەکە ئیداریەکانی سەر بەسنووری پارێزگاکاندا جگە لە شووقە بە شێوازی باڵەخانەی فرەنهۆمی، خانووش ڕێگەپێدراوە بە پێی تایبەتمەندێتی ناوچەکە، بەڵام لەبەر هەمان هۆکار کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە تا بتوانرێت شووقە بە شێوازی باڵەخانەی فرەنهۆمی پەسەند ترە.

٣. لەکاتی دیاری کردن و تەرخان کردنی زەوی بۆ ئەم مەبەستە، وا دەخوازێت لایەنە پەیوەندیدارەکان بەپێی توانا ڕەچاوی دوو بنەمای سەرەکی بکەن:- یەکەم ئەو زەویانەی تەرخان دەکرێن شوێنی زەویەکەو توپوگرافی زەویەکە نەبێتە هۆکار بۆ بەرزبونەوەی تێچووی یەکەکەکان، دووەم تا بتوانرێت ئەو زەویەی تەرخان دەکرێت بۆ قۆناغێکی دیاری کراو لە یەك شوێندا بێت وە پەرت نەکرێت بەسەر چەند ناوچەیەکدا تا کاریگەری لەسەر ماوەی جێ بەجێ کردن نەکات.

٤. بنەما سەرەکیەکانی نەخشەسازی و ڕەوشە هونەریەکان و ژمارەی نهۆمەکان و ڕووبەر لەلایەن وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێ کردن دیاری دەکرێت لەگەڵ شێوازی نەخشەکان و پێگەپلانی یەکەکان بەپێی تۆپۆگرافی زەوی تەرخانکراو، بۆ ئەو مەبەستەش پێکهاتەکانی سەر بە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێ کردن هەماهەنگی دەکەن لەگەڵ پارێزگاکان و یەکە ئیداریەکان و فەرمانگە پەیوەندیدارەکان بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانیان.

٥. لە کاتی دروستکردنی یەکەکاندا بۆ هاوولاتی سوودمەند لەم پرۆژەیە ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکە (خاوەن پێداویستی تایبەت) یان پەککەوتە بن ڕەچاوی تایبەتمەندێتی و پێداویستی و وردەکاریەکانی ناو یەکە نیشتەجێکە دەکرێت بەرەچاو کردنی تەرخانکردنی نهۆمی زەمینی ئەگەر پێویستی کرد.

## شەشەم : ڕینوینیە گشتیەکان بۆ پێشکەش کردنی فۆرمەکان و پێوەرەکانی خاڵبەندی .

١. دواکاری فۆرمەکان بە ناوی سەرۆك خێزان یان هاوسەرەکەی پڕدەکرێتەوە ئەگەر هەردوکیان یان یەکێکیان لە ژیاندا مابن.

٢. ئەگەر سەرۆك خیزان و هاوسەر لەژیاندا نەمابوون بەخێوکەری خێزان فۆرمەکە پڕدەکاتەوە بەمەرجێك دۆکیومێنتی پشتگیری پێشکەش بکات بە ژمارەی ئەندامانی ئەو خێزانەی بەخێوکردنی لە ئەستۆ گرتوەو لەگەڵیدا نیشتەجێن.

٣. ئەژمارکردنی ئەندامانی خێزان بۆ مەبەستی خاڵبەندی ئەوانە ناگرێتەوە کەئەندامی ئەو خێزانەن وەهاوسەرگیریان کردوە وە بۆ ئەژمار کردنی خاڵ بۆهەر ئەندامێکی خێزان کەتەمەنی (قاسر) ی تێپەڕکردبێت دەبێت پشتگیری لایەنی پەیوەندیدار پێشکەش بکات کە ئەندامی زگورتی ئەو خێزانەیە.

٤. ئەگەر هەر خێزانێك بە خیوکەری خێزانێکی تر بێت کە لە بنەڕتدا ئەندامی ئەو خێزانە بووبن وە بە هۆی لێك جیابوونەوە یان وەفاتی یەکێك یان هەردوو لە هاوسەرەکان، بوونەتەوە بە بەشێك لە خێزانە بنەڕەتیەکە وە پێکەوە نیشتەجێ بن لە یەك شوێندا ئەوا ژمارەی ئەندامانی هەردوو خێزانەکە ئەژمار دەکرێت وەك یەك خێزان بۆمەبەستی خاڵبەندی بەمەرجێك پشتگیری لایەنە پەیوەندیدارەکان بهێنێت بۆ ئەو مەبەستە.

٥. پێشکەشکاری داواکاری یان هەریەکێك لەوانەی ئەژماری خاڵیان بۆ دەکرێت دەبێت گشت مەرجە سەرەکیەکانی برگەی (دووەم ) ی ئەم ڕێنماییەیان تیا بەرجەستە بوبێت.

٦. ئەگەر هەر یەکێك لە هاوسەرەکان لە خێزانێکدا سوودمەند بوون لە هەر یەك لەو دەرفەتانەی لە مەرجە سەرەکیەکانی سوودمەندبوون کە لە برگەی ( دووەم ) ی ئەم ڕێنماییە ئاماژەی پێدراوە ناتوانن سوودمەندبن لە پێشکەش کردنی داواکاری بۆ ئامانجەکانی ئەم یاسایە.

٧. بە مەبەستی هاوسەنگی لە نێوان هاولاتیانی هەرێمی کوردستان وە بەرجەستە کردنی جێ بەجێ کردنی گشت مادە و مەبەستەکانی ئەم یاسایە تایبەتمەندێتی بۆ هیچ سوودمەندێك ناکرێت بەدەر لە چوارچێوەی ئەم یاسایەو ڕێنماییەکانی تایبەت بەم مەبەستە.

٨. کێبڕکێ بۆ ڕیزبەندبوون لەسەر بنەمای خاڵبەندی بۆ هەر یەك لە هاولاتیانی خێزاندار لە کەرتی تایبەت و کارمەندانی حکومی بۆ مەبەستی سوودمەندبوون لە ئامانجەکانی ئەم یاسایە بە جودا ئەژمار دەکرێت لە سەر پێوەری ڕێژەی دیاری کراو لە برگەی (سێ یەم -٥-)ئەم ڕێنماییە.

## حەوتەم : شێوازی ئەژمارکردنی خاڵەکان بۆ مەبەستی ڕیزبەندی

١. هەموو ئەندامێکی خێزان لەسەر بنەما و پێوەری ئاماژە پێدراو لە برگەی ( شەشەم ) ی ئەم ڕێنماییە خاڵێك وەردەگرێت تا دوا سنووری (١٠) خاڵ.

٢. ژمارەی ساڵەکانی هاوسەرگیری بۆ ئەو خێزانانەی کە هەردوو هاوسەرەکە لە ژیاندا مابن بە یەك خاڵ ئەژمار دەکرێت تا دوا سنووری (٥) خاڵ، بە هەمان شێوە بۆ ئەو خێزانانەی کە بەخێوکەر (معیل) ئەرکی بەخێوکردنی ئەندامانی خێزانێکی لەئەستۆ گرتبێت بە مەرجێك قەواڵەی بەخێوکردن (حجە اعالە) ی هەبێت و پەسەند کرابێت لە دادگای باری کەسێتی (محکمە الاحوال الشخصیە) یان (هیئە رعایە القاصرین) بۆ سەلماندنی بەخێوکردنی ئەندامانی ئەو خێزانەی کە لەئەستۆی هاولاتی داواکارە.

٣. بە ڕەچاوکردنی پێوەرەرکانی برگەی (شەشەم) ی ئەم ڕێنماییە ئەگەر یەکێك لە هاوسەرەکانی خێزانێك لە ژیاندا نەمابێت (٢) خاڵی سەربار وەردەگرێت.

**هەشتەم :**

١. هەماهەنگی و هاوکاری کردنی گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم ڕێنماییە هۆکارێکی سەرەکین بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئامانجەکانی ناوەڕۆکی هەردووك یاسای ئاماژە پێدراو بۆ فەراهەم کردنی بەرژەوەندی گشتی و هاولاّتیان .

٢. لە کاتی پێویستدا و بە پێ ی قۆناغ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن لایەنی پەیوەندیدارە بە زیادکردنی بڕگەی نوێ و هەموارکردنی ئەم ڕێنماییە لە بەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی گشتی و لە چوارچێوەی ئەم یاسیەدا.

٣. ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بلاّو دەکرێتەوە و لە ڕێکەوتی ٥ \ ٩ \ ٢٠١٢ وە جێ بەجێ دەکرێت.

**ئەندازیار**
**کامەران احمد عبدالله**
**وەزیری ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن**

پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## بەیان

پشت بە حوکمی مادده (٨)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ (یاسای بڵاوکردنەوە لەرۆژنامەی فەرمی – وەقایعی کوردستان) و لەبەر ئەوەی هەڵەیەکی ماددی لەماددەی (١) لەیاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٢ (یاسای درێژەدان بە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر) ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ لەهەرێمی کوردستان روویداوە .

هەڵەکەش لە دەقە عەرەبییەکەیە بەم شێوەیە :

(يمددالعمل بأحكام قانون مكافحة الارهاب رقم (٣)لسنة ٢٠٠٦ اعتباراً من ٢٠٠٦/٧/١٦ ولمدة سنتين )

بۆیە بە پێویست زانرا بەم شێوەیە ڕاست بکرێتەوە :

(يمددالعمل بأحكام قانون مكافحة الارهاب رقم (٣)لسنة ٢٠٠٦ اعتباراً من ٢٠١٢/٧/١٦ ولمدة سنتين )

**فرست احمد عبدالله**

**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان – عیراق**

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

## بەیانی ژمارە ( ٥ )

ئاماژە بەبڕگەی (١٣) لەبڕیاری ئەنجومەنی باڵای ئەو قاف و کاروباری ئایینی ژمارە (١) بەرواری (٢٠١٢/٥/٢٣) و بەمەبەستی بەدواداچوونی خێرای ئەو ڕوداوانەی کەسەرهەڵدەدەن لە هەرێمەکەمان و پەیوەستن بەباری ئایینی بڕیارماندا :

١- پێك هێنانی لیژنەیەکی فریاکەتنی خێرا لە ئەنجومەنی باڵای ئەو قاف و کاروباری ئایینی و لیژنەی ئەوقافی پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتی ناوخۆ و یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان .

٢- ئەم لیژنەیە لەهەر کاتێك بۆی کۆببێتەوە بۆ چارەسەکردنی کێشەکان و بڕیار دان لەسەری .

**کامل حاجی علی**
**وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

## بەیان ژمارە( ٤ ) ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی حەوتەم / برگەی دووەم ) لە یاسا وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

کردنەوەی ئەو هۆبانە لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی چەمچەمال:-

١- هۆبەی کارگێری و خۆیەتی

٢- هۆبەی ژمێریاری

٣- هۆبەی تواناسازی ئافرەتان

٤- هۆبەی چاودێری خێزان و کەمئەندامان کە یەکەی بەساڵاچووان لە خۆ دەگرێت

٥- هۆبەی پاراستنی منداڵ لەم یەکانە پێك دێت

(یەکەی داینگەی چەمچەماڵ ، یەکەی سەنتەری چالاکی چەمچەماڵ ، یەکەی سەنتەری چالاکی منداڵانی شۆرش)

**ئاسۆس نجیب عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتـــی داد**

## بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی نۆیەم / بڕگە دوو) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣ی ساڵی ٢٠٠٧ ) بریارماندا بە: -

گۆرینی تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی کەلار بۆ بەرێوەبەرایەتی تۆماری کردنی خانووبەرەی کەلار.

## بەیان ژمارە (١٥) ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی نۆیەم/ بڕگە دوو ) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە(١٣ی ساڵی ٢٠٠٧ ) بریارماندا بە :-

کردنەوەی بەرێوەبەرایەتی هونەری لە دیوانی وەزارەت .

**شێروان حەیدەری**
**وەزیـــــری داد**

وەزارەتی دارایی و ئابووری

## بەیان

بـەپێی ئـەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لـە (مـاددەی حەڤـدە / برگـەی دووەم) لەیاسـای وەزارەتـی دارایی و ئابووری ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠١٠ ) ، بریارماندا بە :-

گۆرینی ناوی بنکەی گومرگی دارەشمانە بۆ بنکەی گومرگی کێلی .

## بەیان

بـەپێی ئـەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لـە (مـاددەی حەڤـدە / برگـەی دووەم) لەیاسـای وەزارەتـی دارایی و ئابووری ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠١٠ ) ، بریارماندا بە :-

کردنەوەی ئەم (٤) چوار بانکانەی کە لە خـوارەوە دیـاری کـراوە لـە گـەڵ شـوێنەکانیان سـەر بـە بەرێوەبەرایەتی گشتی بانکە پسپۆرییەکان .

- بەنکی خانووبەرە لقی هەڵەبجە / پارێزگای سلێمانی
- بەنکی خانووبەرە لقی کەلار / گەرمیان
- بەنکی خانووبەرە لقی ئامێدی / پارێزگای دهۆك
- بەنکی خانووبەرە لقی شێخان / پارێزگای دهۆك

**بـایز سعید محمد**
**وەزیری دارایی و ئـابووری**

وەزارەتی دارایی و ئابووری

## بەیان

بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێماندراوە لە (ماددەی حەڤدە / برگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠١٠ ) ، بریارماندا بە :-

کردنەوەی تێبینەرایەتی باجی خانووبەرە لەقەزای بەردەڕەش سەر بە بەرێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی ئاکرێ .

لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ٢٠١٢/٨/٣١ .

**بایز سعید محمد**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

وەزارەتی ناوخۆ

## بەیان ( ٢ ) ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێماندراوە لە (ماددەی حەڤدە / بڕگە یەکەم ) لە یاسای پارێزگاکانی عێراق ژمارە ١٥٩ ی ساڵی ١٩٦٩ هەموارکراو بریارماندا بە :-

- فراوان کردنی سنووری گوندی (ئالماوانی خواروو) لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١٨٩) بەردەڵان لە کەرتی ٥/ ئالماوان بە رووبەری (٤٠) دۆنم کە لەسەر نەخشەکە دیاری کراوە

لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/٧/١٧

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

وەزارەتی تەندروستی

## بەیانی ژمارە ( ٨٨ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە ( ١٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :

گۆڕینی ( هۆبەی وردبینی ) بۆ ( بەشی وردبینی ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك
لەڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٣١ / ٧ / ٢٠١٢

## بەیانی ژمارە ( ٨٩ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە ( ١٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :

کردنەوەی ( بەشی دووەمی تاقیگەی تەندروستی گشتی ) لە ناو شاری سلێمانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
لەڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٣١ / ٧ / ٢٠١٢

## بەیانی ژمارە ( ٩٠ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە ( ١٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :

کردنەوەی ( هۆبەی کەل و پەلی بەکارهاتوو و لەکارکەوتوو ( ممتلکات ) ) سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
لەڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ڕێکەوتی ٣١ / ٧ / ٢٠١٢ .

**د. ڕێکەوت حمه رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

وەزارەتی تەندروستی

## بەیانی ژمارە ( ٩١ ) ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ وە ، بریارماندا بە :-

کردنەوەی (بەشی چاودێری دەرمان) و (بەشی داتا و زانیاری ) لە بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بە دواداچوون سەر بە نووسینگەی وەزیر لە ناو دیوانی وەزارەتی تەندروستی .
لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە رێکەوتی ٢٠١٢/٨/١٢

## بەیانی ژمارە ( ٩٢ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە(١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ وە، بریارماندا بە :-

کردنەوەی ( هۆبەی یاسایی) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دەربەندیخان.
لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/٨/١٢

## بەیانی ژمارە ( ٩٣ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی (ماددەی / شەشەم) بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:

کردنەوەی (هۆبەی چاودێری بازار) لە بەرێوەبەرایەتی کۆنترۆڵ کردنی هێنان و دروستکردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی لە کوردستان سەر بە نووسینگەی وەزیر.
لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/٨/١٤ .

**د. رێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

وەزارەتی تەندروستی

## بەیانی ژمارە ( ٩٤ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی (ماددەی / شەشەم) بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:

کردنەوەی (بنکەی تەندروستی ئەڤرو ستی) لە قەزای سێمێل سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك

لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٨/١٤ .

## بەیانی ژمارە ( ٩٥ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی (ماددەی / شەشەم) بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:

گۆرینی (سەنتەری فریاکەوتنی هەناوی) بۆ (نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەناوی) سەر بە بەرێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .

لە رۆژی دەچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/٨/٢٩ .

## بەیانی ژمارە ( ٩٦ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە ( ١٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :

گۆرینی ( بنکەی تەندروستی سێگردکان ) بۆ ( مەڵبەندی تەندروستی سێگردکان ) لە قەزای کۆیە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کۆیە .

لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە رێکەوتی ٢ / ٩ / ٢٠١٢ .

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

وەزارەتی تەندروستی

## بەیانی ژمارە ( ٩٧ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە ( ١٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :

کردنەوەی ( هۆبەی IT ) لە بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵ کردنی هێنان و دروستکردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی لە کوردستان سەر بە نوسینگەی وەزیر .

لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢ / ٩ / ٢٠١٢

## بەیانی ژمارە ( ٩٨ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە ( ١٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە

گۆڕینی ( هۆبەی پاراستنی تەندروستی ) بۆ ( بەشی خۆپاراستنی تەندروستی شارەزوور ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی شارەزوور .

لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢ / ٩ / ٢٠١٢

**د. ڕێکەوت حمه رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

وەزارەتی تەندروستی

## بەیانی ژمارە ( ٩٩ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە ( ١٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە

گۆرینی ( بنکەی تەندروستی شارەوانی ) بۆ ( بنکەی تەندروستی شەهید حکمت حاجی عوسمان علی مستەفا ) لە هەڵەبجەی شەهید سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی شارەزوور .

لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٥ / ٩ / ٢٠١٢

## بەیانی ژمارە ( ١٠٠ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە ( ١٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :

کردنەوەی ( هۆبەی هاتوو دەرچوو ) لە ناو دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .

لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٥ / ٩ / ٢٠١٢

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

رئاسة مجلس الوزراء

استنادا الى احكام الفقرة(٣) من المادة الثامنة من قانون مجلس الوزراء لاقليم كوردستان - العراق رقم (٣) لسنة ١٩٩٢ المعدل قرر مجلس الوزراء بجلسته الاعتيادية رقم (١٠) المنعقدة بتاريخ ٢٠١٢/٧/١٠ اصدار النظام الأتي:

## نظام رقم(١١) لسنة ٢٠١٢
## نظام التعديل الثاني لنظام رئاسة مجلس الوزراء لأقليم كوردستان-العراق رقم(١) لسنة ٢٠٠٦

**الماده الاولى:**

يضاف مايلي الى النظام وتكون المادة العشرون وكالأتي:

**المادة العشرون:**

دائرة التنسيق والمتابعة:

١- ترتبط الدائرة برئيس مجلس الوزراء و يرأسها موظف بدرجة وزير حاصل على شهادة جامعية أولية على الاقل و يكون له نائب بدرجة خاصة حاصل على شهادة جامعية أولية على الاقل و يتم تحديد صلاحيات مسؤول الدائرة بموجب أمر يصدره رئيس مجلس الوزراء، ولمسؤول الدائرة تخويل نائبه بعضا من صلاحياته.

**المادة الثانية:**

يضاف مايلي الى النظام وتكون المادة الحادية والعشرون و كالاتي:

**المادة الحادية والعشرون:**

اهداف ومهام دائرة التنسيق والمتابعة.

**اولا:**

تعمل الدائرة على تحقيق الاهداف التالية:

١- ضمان اتباع وتنفيذ السياسات والأنظمة والتعليمات والقرارات التي يضعها ويصدرها مجلس الوزراء ورئيسه في كافة المجالات و بافضل السبل لتحقيق الاهداف الرئيسية الواردة في برنامج الحكومة.

٢- تهيأة ما يتطلبه عملية وضع سياسات وخطط الحكومة من خلال تقديم الخبرات و المعلومات والمساهمة في وضع الأسس اللازمة لاصدار القرارات لتنفيذها.

٣- التنسيق مابين مجلس الوزراء وتشكيلاته من جهة والوزارات والدوائر غير المرتبطة بوزارة من جهة اخرى.

**ثانيا:**

تقوم الدائرة بالمهام الاتية:

١- متابعة تنفيذ القرارات والاوامر والتوصيات الصادرة من مجلس الوزراء ورئيسه وتقديم الاقتراحات اللازمة لازالة العوائق التي تقف امام تنفيذها.

٢- اعداد الخطط والبرامج اللازمة لتطوير عمل وواجبات الدائرة في اطار الأهداف الواردة في هذا النظام.

٣- التنسيق ما بين كافة الوزارات والدوائر غير المرتبطة بوزارة.

٤- تفعيل وتطوير سياسات الحكومة في مجالات الأصلاح وضمان الشفافية ومحاربة الفساد وتقليل الروتين الأداري.

٥- تقديم التقارير الدورية حول اعمال وانشطة الدائرة لمجلس الوزراء ورئيسه ونائبه.

٦- اي مهام اخرى يحددها مجلس الوزراء او رئيسه.

**المادة الثالثة:** يضاف مايلي الى النظام وتكون المادة الثانية والعشرون وكالأتي:

**المادة الثانية والعشرون:** الهيكل التنظيمي لدائرة التنسيق والمتابعة.

**اولا:**

يكون الهيكل التنظيمي للدائرة كالاتي:

١- مجلس للتنسيق والمتابعة برئاسة مسؤول الدائرة ويتم تشكيله وتحديد مهام وصلاحياته واختياراعضائه وتحديد درجاتهم من قبل رئيس مجلس الوزراء بالتشاور مع مسؤول الدائرة.

٢- مديرية الأدارة: يرأسها مدير حاصل على شهادة جامعية اولية.

٣- مديربة الحسابات: يرأسها مديرحاصل على شهادة جامعية اولية.

٣- مديرية الشوؤن القانونية: يرأسها مدير حاصل على شهادة جامعية اولية في القانون.

**ثانيا:**

لرئيس مجلس الوزراء بناء" على اقتراح مسؤول الدائرة استحداث المديريات للدائرة او دمجها اوالغائها.

**المادة الرابعة:**

يعدل تسلسل بقية ارقام مواد النظام رقم(١) لسنة ٢٠٠٦ المعدل على ضوءهذا التعديل.

**المادة الخامسة:**

ينفذ هذا النظام من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية(وقائع كوردستان).

**نيچيرڤان بارزانى**
**رئيس مجلس الوزراء**

**برلمان كوردستان - العراق**

## بيان

**استناداً الى حكم المادة (٨) من القانون رقم (٤) لسنة ١٩٩٩ ( قانون النشر في الجريدة الرسمية – وقائع كوردستان ) ، ولورود خطأ مادي في المادة (١) من القانون رقم (٧) لسنة٢٠١٢ (قانون تمديد العمل بقانون مكافحة الارهارب رقم (٣) لسنة ٢٠٠٦في اقليم كوردستان ) علماً ان الخطأ قد ورد في النص العربي من القانون وبالشكل الآتي :**

**(يمدد العمل بأحكام قانون مكافحة الارهاب رقم (٣) لسنة ٢٠٠٦ اعتباراً من ٢٠٠٦/٧/١٦ ولمدة سنتين)**
**لذا فقد ارتؤي ان يصحح الخطأ بالشكل الآتي :**
**(يمدد العمل بأحكام قانون مكافحة الارهاب رقم (٣) لسنة ٢٠٠٦ اعتباراً من ٢٠١٢/٧/١٦ ولمدة سنتين)**

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتير برلمان كوردستان - العراق**